# هەرشتێك زۆر لێی (بخورێتەوە مرۆڤ) سەرخۆش بكات؛ ئەوا كەمەكەیشی هەر حەرامە

لە جابری كوڕی عبد الله وە -ڕەزای خوایان لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرشتێك زۆر لێی (بخورێتەوە مرۆڤ) سەرخۆش بكات؛ ئەوا كەمەكەیشی هەر حەرامە».
[حەسەن - باش)] [(أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان كردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەكاتەوە كە هەر خواردنەوەیەك یان خواردنێك زۆرێك لێی ببێتە هۆی سەرخۆشبوون و لەدەستدانی ئەقڵ؛ ئەوا خواردن یان خواردنەوەی كەمێكیش لێی هەر حەرامە ئەگەرچیش نەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەقڵ وهۆش.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee